## عارف باوەجانی سکرتێری پارتی سەربەستی کوردستان

# لە یەکەمین ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییەوە زیاتر لە ٢٠ وڵات پشتیوانیمان دەکات و ئیعترافمان پێ دەکات



**جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان و رزگاربوون لە پلە دوویی و سەرگەردانی و دووبارەنەبونەوەی ئەنفال و کیمیاباران ئاوات و ئامانجی زۆربەی هەرەزۆری خەلکی کوردستانە.چەندین ساڵە لە ئەنجامی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا خەڵکەکەی بە هەزار و یەک شێواز لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە دەچەوسێندرێتەوەو حەزوخۆزگە و هیواکانیان دەخرێتە ژێرگڵەوە،لەلایەکی تریشەوە نادیاری چارەنووسی خەڵکەکەی و ڕۆشن نەبونیان لە بەیانیی خۆیان بێزاری و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەگۆڕەپانی کوردستاندا دروست کردووەو خەڵکیش بە چەندین شێواز ئەمەیان دەربڕیوە, بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ڕێگری کۆسپەکانی و ڕێگایەکی کارساز، تەوەرێکمان کردۆتەوە بۆ ئەم جارەیان بەڕێز کاک عارف باوەجانی سکرتێری پارتی سەربەستی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

**ئامادەکردنی _رزگاری**

**پ/ وەزعیەتی سیاسی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنی دوای نەمانی ڕژێمی بەعس؟**

وەڵام : بە بۆچوونی من وەزعیەتی سیاسی ئێراق لەپاش ڕێژیمی دیکتاتۆری پێشووی بەعسی ئێراق،بەپێچەوانەوە کە دەبوو بەرەو ئاسایش و ئارامی بڕوایە بەرەو شپرزەیی و بێدەسەڵاتی دەڕوا، هۆکارە سەرەکییەکەشی ئاستی ڕۆشنبیری ئێراقییەکانە واتە عەرەبی سونی وعەرەبی شیعە کە وڵاتانی دراوسێیان بە ئارەزوی خۆیان بە گژی یەکتریان بەکار دێنن، بۆ ئەوەی ئاسایش لە ئێراق پێدا نەبێت،چون ئەگەر مەسەلەی دیموکراتی و ئاسایش لە ئێراق دابمەزرێت ئەوا پرۆسەکە ڕوو دەکاتە ئێران و سوریا. بێجگە لەو پۆستانەی کە کوردەکان بە ئەستۆیان گرتووەو بەباشی کارەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، هیچ پۆست و وەزارەتێکی ئێراقی نەیتوانیوە بەباشی کارەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ، ئەوە وتەی زۆر لە چاودێرانی سیاسی جیهانیشە کەشایەت حاڵن، ئیستا بۆ نموونە بەڕێز مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری ئێراق سەردانی وڵاتی چین وچەندین وڵاتی دیکەی جیهانی دەکات بۆ لابردنی قەرزی ئەو وڵاتانە لە سەر ئێراق، یا بەڕێز کاک هۆشیار زێباری بەردەوام لەهەوڵی پاراستنی ئاسایشی ئێراقەو سەردانی وڵاتانی دراوسێ و جیهان دەکات، ئەمەش نیشانەی هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنی کوردە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ کۆسپەکان لەمێژووی ئێراقیشدا وەک بەڵگەیەکی مێژوویی دەمێنێتەوە، بەڵام کام لە بەرپرسانی عەرەب زمانی ئێراقی ئەوەندە دڵسۆزی لەکارەکانی خۆیان بۆ ئێراقی ئێستا دەکەن؟ ئەوەتە شیعە و سونیەکان مەزارگە ئاینییەکانی خۆیان دەتەقێننەوە، زاڵگە بۆ یەکتر دادەنێن و یەکتر قەتڵ و عام دەکەن،ئەوەتە جێشی مەهدی کە باڵێکە لە سوپای پاسدارانی ئێران ئاسایشی لەناوچە شیعە نشینەکانی ئێراق بە تەواوی تێکداوە، من پێم وایە ئێراق وەک سۆمالیای لێدێت کە چۆن لەوێ ئەوە بۆ ماوەی ١٥ ساڵە هەر سەرۆک عەشیرەتێک سەرۆکایەتی ناوچەی خۆی دەکات و بەردەوام شەڕوپێکداداان درێژەی هەیە، بەو هیوایەم کوردیش واز لە بەغدا بێنێ وخۆی لەم سەر ئێشەی ئێراقە دوور خاتەوەو سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیەنێت. ئەوەندە سیاسیە کوردەکان بە کێشەی ئێراقی عەرەبەوە سەرقاڵن ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی

**باشوری کوردستان زۆر هەلی هەڵکەوتووی بۆ سەربەخۆیی لە دەست داوە، ئەگەر ئەم هەلەش لە دەست بدەین وحکومەتی ئێراق خۆی بگرێتەوە،ئەوا هەرگیز کورد سەربەخۆیی بە چاو نابینێت**

ئەوەندەی پێوە سەرقاڵ نین.

**پ/ جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان لەم کات و ساتەدا تا چەند ئیمکانی هەیە؟**

وەڵام : پێم وایە ئیستا لەهەموو کات باشتر زەمینەی جیابوونەوە ڕەخساوە. ئەوەتە هەرچی هەوڵ دەدرێ کەئاشتی و تەبایی لەنێو ئێراقدا سەقامگیر بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕۆژ تا ڕۆژ گڕی ئاگری ناتەباییان بەرز دەبێتەوە، کوردیش خۆنابێت هەر تەماشاکەر بێت و چاوەڕێ بێت تا دوای ١٠ یا ١٥ ساڵی دیکە ئەویش ئەگەر ئێراق ئارامی بە خۆیەوە بگرێت، پاشان دوای ١٠ ساڵیش لە ژێر ناوی فیدراڵی لەگەڵیان بژین، دوای ئەو هەموو ساڵە ئەگەر ڕێگامان بدەن ڕێفراندۆمێک بکەین، کە شک و گومانیش لەوەدا نییە ئەگەر حکومەتی نوێی ئێراق لە بواری هێزو سوپاوە خۆی گرتەوە هەر هەمان هەڵوێستی عەبدولکەریم قاسم و بەکرو سەدامییەکانی پێشووتر دەبێت بەرامبەر بە کوردو داواکاری کەرکوک. لە هەر کەسێکی سیاسی ناو پارتە دێرینەکان دەپرسی لە بواری سەربەخۆییدا، یەکسەر وەڵامی ئەوە دەدەنەوە کە سەربەخۆیی ئاواتی هەموومانە بەڵام هەل و مەرجەکە گونجاو نییە، من تێناگەم ئەم هەل و مەرجە کەی بۆ ئێمە گونجاو دەبێت؟؟؟ ئێمە بۆخۆمان دەبێت خولقێنەری ئەو هەل ومەرجە بین، ئێمە دەتوانین لەم شڵەژاوییەی ئێراق کەڵک وەرگرین، وڵاتانی زلهێزو نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەو قەناعەتە بگەیەنین، کەئێمە نەتەوەیەکی جیاوازترین لەعەرەب و خۆمان ناکەین بە شەریکی ئەو شەڕو ئاژاوەی ئەوان، ڕاستە عەرەب چەند ساڵە حاکم بووە لەکوردستان، بەڵام داگیرکەر بووەو خاکیان داگیرکردوین، با ئێمەی کوردیش حوکمەتی ٨٠ ساڵەی ئێراق بە داگیرکەر بناسین، با بەجیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان بسەلمێنین چی دیکە ڕێگا نادەین کوردستان بە شکڵێکی دیکە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئێراق، من پێم وایە ئەو بەشەی کوردستان واتە باشوری کوردستان زۆر هەلی هەڵکەوتووی بۆ سەربەخۆیی لە دەست داوە، ئەگەر ئەم هەلەش لە دەست بدەین وحکومەتی ئێراق خۆی بگرێتەوە،ئەوا هەرگیز کورد سەربەخۆیی بە چاو نابینێت، وبگرە کەرکوکیش بە چاونابینێت، حکومەتی بەعس بە کوشتن و تەعریب کەرکوکیان لێ دەسەندین بەڵام ئەمان بە سیاسەت و بە ناوی شاری برایەتی و فرت و فێڵ خەریکە لێمان دەسێنن، ئیدی ئەو کات قسەمان بڕی هیچ شوێنێک ناکات.

لە ماوەی ٣٢ ساڵی پێشوە تا ئێستا ٤٩ نەتەوەی بن دەست توانیویانە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێنن، کە ئاخرینیان نەتەوەی مۆنتەنیگرۆ بوو، لەو نەتەوانەش کە بوونەتە خاوەنی دەوڵەت و کیانی خۆیان بڕێکیان سەرجەمیان ناگاتە شارێکی وەک سلێمانیش، بەڵام بە کردەوەو توانای خۆیان توانیان بەسەربەخۆیی خۆیان بگەن و خۆیان لە ترس و دڵەڕاوکێ نەجات بدەن،

بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە لە باشوری کوردستان کەسانی دیپلومات و شیاوو هەڵکەوتومان هەیە، کە نەک دەتوانن حکومەتی کوردی بەڕێوەببەن، بگرە توانای بەڕێوەبردنی حکومەتی وڵاتێکی عەرەبیشیان هەیە، ئەوەتە کەسانی وەک بارزانی و تاڵەبانیمان هەیە، کە بە سیاسەتزانانی جیهانی ناسراون و لەلایەن وڵاتانی زلهێزی جیهانییەوە بەو پەڕی ڕێزەوە پێشوازی دەکرێن، ئیتر من نازانم بۆ ئیمکانی دروست بوونی دەوڵەتی کوردیمان نییە، ئێمە خۆمان توانای بۆ ناخەینە گەڕو بیانوومان ئەوەیە یا خۆمان بەوە سەر قاڵ کردوە کە گوایا پشتیوانی جیهانیمان لەگەڵ نییە، من پێم وایە لە یەکەمین ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییەوە زیاتر لە ٢٠ وڵات پشتیوانیمان دەکات و ئیعترافمان پێ دەکات،بەڵام با ئێمە وا حساب بکەین کە کەسیش پشتیوانمان نابێت، باچەند ساڵ دەوڵەتی کوردیمان هەبێت و پشتیوانیشمان نەبن، دوای ماوەیەک خۆڕاگری و جیدی بوونی خۆمان وا لەوڵاتان دەکات کە بۆ خۆیان مەجبور دەبن لێت نزیک ببنەوە، گەلی کورد خاوەنی ئابوری و سەرمایەیەکی زۆرباشەو لە بەرژەوەندی زۆر وڵاتدایە کە دۆستایەتیمان بکەن، بۆ وەگەڕ خستنی سەرمایەی خۆیان و لە بەرژەوەندی ئابوری هەردوو لایەن.

**پ/ ئەگەر ئەو دەوڵەتە دابمەزرێ بە بڕوای تۆ دەبێت لەسەرکام بنەما پایەکانی خۆی گیر بکات ؟**

وەڵام : من پێم وایە دەوڵەتی کوردی دەبێت لە بنەمایەکی دیموکراتی و پەرلەمان و بە بەشداری فرە حیزبی و هەڵبژێراوی نوێنەری خەڵک لە لایەن خەڵکەوە دامەزرێت،حکومەتێک بێت کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژێکی کورد بکات و مافەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت، حکومەتێکی نموونەیی بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن ئێمە سەدان ساڵە خەبات بۆ سەربەخۆیی و سەربەستیی دەکەین، بەڵام ئەگەر بناخەی یەکەم دەوڵەتمان لەسەر بنەمایەکی گەندەڵی و نا دیموکراتی دامەزرێت ئەوا بە جیهان دەسەلمێنین کە نەتەوەیەک نین موستەحەقی سەربەخۆیی بین،

**پ/ داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەتی ئێران و تورکیا زۆر جارهەڕەشە دەکەن و ڕێگرن لەبەردەم سەربەخۆ بوونی کوردستان، بەبڕوای تۆ ئەمانە لەم کاتەدا کە خۆیان ڕووبەڕوون لەگەڵ چەندین کێشەی ناوخۆیی ودەرەکی، تا چەند دەتوانن دەوریان هەبێت لەرێگریەکان ؟**

وەڵام : داگیرکەران هەمیشە ڕێگر بوون لەسەر هەر چەشنە داواکارییەکی نەتەوەیی کورد، لە ئێران کورد خەباتی بۆ خودموختاری دەکرد، کە داواکارییەکی زۆر بچووک بوو لە ئاست نەتەوەیەکی ١٣ ملیۆنی کە ئەوان دەستیان بەسەر خاک و سامانیان گرتووە، بەڵام ئەوان بەکوشت وکوشتارو ماڵوێرانی وەڵامی گەلی کوردیان دەدایەوە، بەداخەوە کەسایەتی وەک دوکتۆر قاسملو و شەرەف کەندی و دەیان کەسایەتی هەڵکەوتووی دیکەیان لێ شەهید کردین، یا وڵاتێکی وەک تورکیا کە ئیستا بە ناوی دڵسۆزی بۆ ١٠ هەزار تورکمان لە کەرکوکدا ئاژاوە لە دوای ئاژاوە دروست دەکات، لە حاڵێکدا تورکمانەکانی کوردستان زۆر لە تورکمانەکانی ئێراق و ئێران وسوریاش باشتر دەژین و ئازادییان هەیە، بەڵام بۆخۆی حاشا لە بوونی ٢٥ ملیۆن کورد لەو خاکەدا دەکات، دان بە بچووکترین مافی ڕەوایان نانێت، کەوابێت ئێمەی کورد نابێت لەسەر قسە و هەڕەشەی ئەوان باس لە سەربەخۆیی نەکەین، ئەوان بە خودموختاری و فیدرالیش هەر نارازین، پاشان ئەوە ئێرانە بۆ خۆی لە ژێر فشارێکی توندی نێو نەتەوەیی و ناوخۆییدایە، دڵنیاش بن لە پاش نەمانی ڕێژیمی ئێستای ئێران ئەوا ئێران بۆ( ٥ ) وڵات دابەش دەبێت، وەک وڵاتی کوردستان، ئازەربایجان، بەلوجستان، عەرەبی ئەحواز، تورکمانی سەحرایی، چون خاکی ئەو (٥) نەتەوەیەی داگیرکردوە، ئەو (٥) نەتەوەیەش ٧٠ ٪ ی ئێستای ئێران پێک دێنن، ئاخر ئێران ئەو ترسە لەخۆی شک دەبات بۆیە هەموو سەروەت و سامانی خۆی بۆ ئاژاوە نانەوە لەکوردستان و ئێراق تەرخان کردوە، تورکیاش لە نێوان دیموکراتی و دیکتاتۆری گیری کردوە، بۆ تورکەکان دیموکراتە، بۆ کوردەکان دیکتاتۆرە، بۆ ناتۆ شەڕگێڕەو بەهێزە، بۆ یەکێتی ئەورووپا دەیەوێ مافی مرۆڤ بپارێزێت و بۆ ئەوەی وەک ئەندام وەرگیرێت،سیستەمی حکومەتیشیان لە نێوان حکومەتی عیلمانی و دیموکراتیشدا گیری کردوە، جا ئێمەی کورد دەبێت چاوەڕێی چی لەوان بکەین؟ حەتا ئوپوزوسیۆنی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیش موخالفی جیابوونەوەی کوردن، کەوابێت دەبێت خۆمان ئامادە بکەین ئەو پرۆسە زەرورە چیدیکە دوا نەخەین،

**پ/ ئەگەر ئەم بەدیلە (واتە سەربەخۆیی) بووە واقیع ئەمەریکا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ؟**

وەڵام : دروست بوونی دەوڵەتی کوردی لەسەر بناغەی داخوازی خەڵکە، بۆ نموونە لەباشوری کوردستان ٩٥٪ی خەڵک لەکاتی ڕێفراندۆمدا دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستاندا، ئەگەر وەدەست هێنانی دەوڵەتی کوردی لەسەرخوازیاری خەڵکەکەی بێت، پێم وانییە ئەمریکا دژایەتی بکات، ڕاستە ئەمریکا ئێستا دەڵێ دژی دەوڵەتی کوردییە، لەبەر چەندین هۆکاری سەرەکی ،یەک بوونی هاوپەیمانێکی لە ناتۆ، بەرژوەندی ئەمریکا لە کەنداوی عەرەب و ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی، بەڵام ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان بوو بەڕاستییەک، ئەو کات بەرژەوەندی ئەمریکاش لەوەدایە لێی نزیک بێتەوە و پشتگیری لێبکات. شاراوە نییە کە بوونی دەوڵەتی کوردی لەرۆژهەڵاتی کوردستان باشترین دەولەتی دۆست بۆ ئەمریکا دەبێت، لەو باوەڕەدا نیم کە ئەگەر دەوڵەتی کوردی دروست بێت ئەمریکا تێکی بدات، بەڵام پێش دروست بوونەکەی ڕاستە کە ئەوانیش دەڵێن گوایا مخالفی دابەش بوونی ئێراقن، دووپاتی دەکەمەوە با ئێمەی کورد بەجیدی کاری لەسەر بکەین دەتوانین زۆر پشتیوانی نێو نەتەوەیی و بازرگانی بۆ بکەین بە دۆست و پشتیوان، با هەر لەئیستاوە ترسی زۆر بۆخۆمان دروست نەکەین، ئێمە داوای دەوڵەتی سەربەخۆشمان نەکردوە، بەسەدان هەزاران کەسمان شەهید بووە و دەیان جار شەڕی نەخوازراویان تووش کردوین، با لەکاتی دروست بوونی دەوڵەتی کوردیش چاوەڕێی ئەو شەڕە نەخوازراوە بکەین. چون ترس و دڵەڕاوکێ ساڵ بە ساڵ لە بێ دەوڵەتی دوامان دەخات.

**پ/ لەسەر خەڵکی کوردستان پێویستە چی بکەن بۆئەوەی لەپلە دوویی و سەرگەردانی رزگاریان بێت ؟**

وەڵام : زۆر پێویستە کەخەڵکی کوردستان خۆیان ئامادە بکەن بۆ سەربەخۆیی، بیرۆکەی سەربەخۆیی خوازی لە نێو خەڵکدا ڕیشە باش داکوتیت، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان وا ئامادە بکرێت کە بەو پەڕی شانازییەوە بڵێت من خەڵکی کوردستانم نەک خەڵکی ئێراقم، هەروەها پێویستە کوردستانی بوون لە نێو پەروەردەو قوتابخانەو باخچەی منالان و شوێن کارو کاسبی و ژیانی رۆژانەی خەڵک بە هێز بکرێت، پێویستە میدیای کوردی و پارتە کوردییەکان زیاتر کارلەسەر ئەوە بکەن، کەخەڵکی کوردستان ئامادەی و باوەڕی تەواو لە خۆیاندا ببینن، کادیرو پسپۆڕانی کوردستانی چ لە دەرەوە و چ لە ناوخۆی کوردستان زیاتر ئامادە بکرێن، بیان نێرین بۆ دیتنی خولی پێویستی دیپلوماتی، پێویستیە هەر لە ئێستاوە کاپیتانی فرۆکەوانی و کەسانی پەرفیشیونالی بوارەکانی تەکنیکی و دیپلوماتی باش ئامادە بکرێت، سنوورەکانی کوردستان باش قایم بکرێت، هێزێکی پوختەو پۆشتەی کوردستانی ئامادە بکرێت، پێوەندی گەرم و ڕۆحێکی پتەوی نەتەوەیی لە نێو پارتە کوردستانیەکان دروست بکرێت.

**پ/ پەرتەوازەیی حیزبە کوردستانیەکان لەبەشەکانی کوردستاندا تاچەند کاریگەری لەسەر دواخستنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانیی هەیە ؟**

وەڵام : شاراوە نییە کەپەرتەوازەیی پارتەکوردستانیەکانیش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ گەشە نەسەندنی سەربەخۆ خوازی لە کوردستاندا، لە باشوری کوردستان وا ماوەی ١٦ ساڵە نیمچە سەربەخۆییەک لە ناوچەکەدا هەیە، ئەگەر لەو ١٦ ساڵەدا پەرتەوازەیی پارتەکان نەبوایە ئێستا کوردستان لە قۆناغێکی دیکەدا دەبوو، بە خۆشییەو لەم ٤ ساڵەی ئاخری پاش نەمانی ڕێژیمی بەعس کە تەبایی لە نێوان پارتەکان دروست بووە، کوردستان زۆر ئارامی و گەش بینی بەخۆیەوە بینیەوە، کوردستان لە بواری ئابوری نێونەتەوەیی و ئازادی و دیموکراتیدا زۆر پێشکەوتووە، بەو هیوایەم هەنگاوی باشتر بنرێت بۆ نەهێشتنی دیاردە ناشارستانیەکان، کە بۆ نموونە مەسەلەی کوشتنی ژنان لە کوردستان بووەتە دیاردەیەکی تاڵ و گلەیی و گازندەی ڕێکخراوانی چاودێری مافی مرۆڤ لە جیهاندا، جا ئێمە تەماشای بەرهەمی یەکگرتوویی بکەین و تەماشای چەندین ساڵەی ناکۆکی و پەرتەوازەیی بکەین، بزانین کامیان توانیوێتی خەڵکەکەمان ڕازی بکات و پلانی دوژمن پوچەڵ کاتەوە.

**پ/ لەم کاتەدا پێویستە پەلەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان چ هەڵوێستێکیان هەبێت بۆ رزگاری و سەربەخۆیی ؟**

وەڵام: هەروەک لە پرسیاری سەرەوە باسم کرد، کە زۆر پێویستە زیاتر گرنگی بە یەکگرتوویی و تەبایی لە نێوخۆیان وخەڵکدا بدەن، میدیاو ڕاگەیاندنیان بخەنە گەر بۆبڵاوکردنەوەی بیرۆکە و هزری سەربەخۆ خوازی،

**پ/ درێژەکیشانی وەزعیەتەکە بەم شێوازەی ئیستا چەندە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو وەزعیەتە نا سەقامگیرییەی کە لە شارەکانی تری عێراق هەیە و گواستنەوەی بۆ کوردستان؟**

وەڵام: کوردستان زۆر بە باشی ئارامی خۆی پاراستووە، هەرچەند کە دوژمنان ونەیارانی کوردستان چەند جارێک تەقینەوەیان لە کوردستان پێک هێناوە، بەڵام نەیان توانیوە مەبەستی گڵاوی خۆیان وەک چاوترساندنی خەڵکی کورد بپێکن، بە خۆشییەوە ئاسایشەکانی کوردستان زۆر بە زیرەکانەو بە پشتیوانی خەڵک کوردستان دەپارێزن، بەڵام خۆزگە کوردستان ئەو هێزە پوختەو پۆشتەی خۆی بۆ بەغدا ڕەوانە نەکردایە، با ئەو هێزە لێهاتووەی کوردستان زیاتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بن، یا با لەشاری کەرکوک بن بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو شارە کوردستانیە نەک کۆڵانەکانی بەغدا کە بە ئەمریکیش کۆنترۆڵ ناکرێن، بەڵام بە ڕاستی ئەگەر ئێمە هەر چاوەڕێی باش بوونی ئەم وەزعەی ئێراق بکەین، خۆشمان بە بەشێک لە ئێراق بزانین ئەوا هیچمان بە هیچ نەکردووەو مەترسی ئەوەش هەیە کە کوردستانیش وەک شارەکانی ئێراقی لێ بێت،

*** زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت**

زۆر سوپاس بۆ ئێوە،بەو هیوایە ڕۆژنامەکەتان هەمیشە لەسەر پەروەردەکردنی خەڵک بۆ ڕێبازی سەربەخۆیی چالاک بێت.